# بەهاری تونس




عەبدولوەهاب مەدەب کەلێکۆلیارێکی تونسییەو بەزمانی فەرەنسی ئەم کتێبەی لەپاریس چاپ کردووە، لەسەرەتای کتێبەکەیدا ئەم پرسیارە دەکا: بۆچی گەل کتوپڕ بڕیار دەدا رزگاری بێ لەچەوسانەوەو نەترسێ؟ لەکتێبەکەیدا دەیەوێ وەڵام بۆ ئەو پرسیارە بدۆزێتەوە کەبۆچی تونس لەساڵی ٢٠١١ نەك پێشترو نەك پاشتر لەرژێمی گەندەڵی بن عەلی راپەڕیو روخاندی.

کتێبەکە بایەخی تایبەت بەسیستمی سیاسی دەدا کە لەسەر بنەمای تاك حزبی دامەزراوەو لەسەر مۆدێلی ستالینی بەڕێوە چووەو لەم رووەوە بایەخێکی تایبەتیشی بەفەرمانڕەوایی تاکڕەوانە داوە. کتێبەکە پشتگیریی ئەوە دەکا کەگەنجان لەڕاپەڕینەکەی تونس رۆڵێکی باڵایان هەبوەو ئینتەرنێت ئامڕازێکی سەرەکیی رێ خۆش کردن بووە بۆ هەڵایسانی شۆڕش.

کتێبەکە لەخانەی وەشاندنی ئەلبان میشیل لەهەمان ساڵی راپەڕینی تونس دەرچووەو لەناونیشانە لاوەکییەکەی کتێبەکەدا دەردەکەوێ کە نوسەر راپەڕینی تونسی یەکسان کردووە بەسەرهەڵدانەوەی مێژوو لەم وڵاتە.